# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

پ.د. کاروان عومەر قادر

بەڕێوەبەری نووسین:

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:

- پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر کەریم
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژکاران:-

- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. سالًح ئاکین
- پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەدزادە



http;//gov.krd/ka

ISSN: 2520-4106

هەولێر - شەقامی هەڵەبجە

# تەکنیکەکانی وەڵامی کاریگەر لە ئاخاوتندا


**م. ی. میدیا جەلال مەجید**

بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی
مەخموور/ زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر
Midya.majeed@su.edu.krd

**پ. د. عەبدولواحد مشیر دزەیی**

بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی کۆلێژی زمان
زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر
abdulwahid.mahmood@su.edu.krd



## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە باس لەو تەکنیکانە دەکات کە توانامان پێ دەبەخشێت لە بارودۆخە جیاوازەکاندا کاردانەوەیەکی کاریگەرمان هەبێت. وەڵامی کاریگەر؛ وەڵامێکی خێرا و کورت و کاریگەر و یەکلاکەرەوەیە، زۆر جار بەرانبەر بێدەنگ دەکات. وەڵامدەر هەوڵ دەدات ئامرازی بەهێزی زمانی وەک تەکنیک بەکار بهێنێت کە هەڵگری چەندین ئارگۆمێنتی بەهێزە، کە تیایدا پووچەڵکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ڕاستییەک و لاوازکردنی گوتنی قسەکەرە. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئاشناکردنی هەموو چین و توێژەکانە بۆ داڕشتنی تەکنیکەکان، بۆ ئەوەی توانای بەرهەمهێنانی وەڵامێکی کاریگەریان هەبێت. ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێک هاتووە؛ بەشی یەکەم: تایبەتە بە ناساندنی وەڵامی کاریگەر و تایبەتییەکانی، توانستی پڕاگماتیک و گرنگیی ئارگومێنت بۆ کاریگەری. بەشی دووەم: تەکنیکەکان: ئارگومێنتی فریودان، تەکنیکی دانایی، تەکنیکی پرسیار، لادان لە وەڵام، جۆرەکانی بەستنەوە، هەڵهێنجانی گوتنی قسەکەر، ئایرۆنی. لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بە بەکارهێنانی تەکنیکی زمانی بەهێز؛ بەرانبەر سەرسام دەبێت و بێدەنگ دەبێت.


کلیلەوشە: کاریگەری، شێواز، تەکنیکی زمانی، وەڵام (کاردانەوە)، ئارگومێنت

**پێشەکی**

توێژینەوەکــە بــە ناونیشــانی "تەکنیکــەکانی وەڵامــی کاریگــەر لــە ئاخاوتندا"یــە، یەکێکــە لــە پرۆســەکانی پەیوەندیکــردن لــە ســەر بنەمــای کار و کاردانەوەیــە، بــە بەکارهێنــانی تەکنیــکی زمــانی.

**- گرنگیی توێژینەوەکە**

وەڵامــی کاریگــەر بــۆ چوونــە نــاو گۆڕەپــانی ژیــان، بــۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی هەڵوێســتەکان پێویســتە، چونکــە وەک ئامرازێکە یارمەتیمان دەدات کــە بەرگری لــە خۆمــان بکەیــن، یــان بــۆ پێویســتیی هــەر بارودۆخێــک وەڵامێــکی گونجــاو بدەینــەوە.

**- ئامانج لەم توێژینەوەیە**

بــۆ گەیشــتن بــە وەڵامــی ئــەم پرسیارانەیە: ئایــا وەڵامــەکان زبــرن، یــان ڕوومەنــدی دەپارێــزن؟ ئایا بــۆ داڕشتنی وەڵامێــکی کاریگــەر، پشــت بــە چ جــۆرە تەکنیکێــک دەبەســتین؟ ئایــا پڕاگماتیــک و ئارگومێنــت، کاریگەریــی بــۆ داڕشــتنی وەڵام هەیــە؟ وەڵامــەکان زیاتــر ڕاســتەوخۆن، یــان ناڕاســتەوخۆن؟

**- کەرەستەی توێژینەوەکە**

کەرەســتەکانی توێژینــەوە نموونــەی وەڵامــەکانی ڕۆژانــەی هەمــوو چــین و توێژەکانــە، بــە تایبــەت سیاســەتمەدار و کەســایەتیی نــاودار و ئایینپــەروەر و شــاعیران.

**- ڕێبازی توێژینەوەکە**

ڕێبازێــکی وەســفیی شــیکارییە، میتــۆدی ڕەفتــاری لــە ســەر بنەمــای کار و کاردانــەوە کار دەکات.

**- ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکــە جگــە لــە پێشــەکی و ئەنجــام، لــە دوو بــەش پێــک هاتــووە: **بــەشی یەکــەم:** تایبەتــە بــە ناســاندنی وەڵامــی کاریگــەر لــە بــارەی پێناســە و زاراوەی وەڵامــی کاریگــەر و تایبەتمەندییــەکانی، هەروەهــا گرنگیــی شــێواز و پڕاگماتیــک لــە وەڵامــی کاریگــەر. **بــەشی دووەم:** بەشــێک لــە تەکنیکــە گرنگــەکانی وەڵامــی کاریگــەر: ئارگومێنتــی فریــودان، شــێوازی دانایــی، شــێوازی پرســیار، لادان لــە وەڵام، جــۆرەکانی بەســتنەوە، دەرئەنجــام (هەڵهێنجــانی گوتنــی قســەکەر)، ئایــرۆنی و پارادۆکــس، هاوتەریــی.

**بەشی یەکەم: وەڵامی کاریگەر**

**١-١. چەسپاندنی زاراوە**

هــەروەک بــاوە، لــە نــاو کۆمەڵگــە گوێــمان لــە چەندیــن زاراوە بــووە بــۆ وەڵامــی کاریگــەر، وەک: وەڵامــی دەمکوتکــەر، بەڵگــەی لــێ بــڕی، بێدەنگــی کــرد، بلــۆکی کــرد، وەڵامــی ئامــادە، ددانشــکێن، دەســتتەڕ، داینیشــاند لــە ســەر جــێ، وەڵامــی ژیرانــە، هەناســەی لــێ بــڕی، وەڵامــی خێــرا، نوقــەی لێــوە نەهێشــت، وەڵامــی گونجــاو، وەڵامێــک لــە شــوێنی خــۆی بــوو، دەمــی وشــک بــوو، لالــی کــرد، شــەرمەزاری کــرد...

**زاراوەی "وەڵام":** ئێمــە دەزانــین کــە قســەکەر بــە هــۆی ئامــرازەکانی پــرس یــان بــە هــۆی ئــاواز، پرســیارێک دەکات و گوێگــر وەڵامــی پرســیارکەر دەداتــەوە، بــەڵام زاراوەی وەڵام بەکارهێنانێکــی تــری هەیــە کــە خــۆی شــاردووەتەوە لــە کارلێــکی گوێگــر، لەگــەڵ گوتنــی قســەکەر، ئەمــەش بەرپەرچدانــەوەی گوێگــرە بــۆ قســەکەر. ئەگــەر کاردانەوەکــە (بەرپەرچدانەوەکــە) لــە نــاو گفتوگۆکــە بــوو، واتــە بــە نــۆرە بــوو، ئــەم کاردانەوەیــە پێــی دەگوترێــت وەڵام، کــە کارلێــک لەگــەڵ قســەکەر دەکات و گفتوگۆکــە دادەخــات (علــوي، ٢٠٢٠، ١٣٦)، واتــە زاراوەی وەڵام: کاردانەویــەکی کاریگــەرە بــۆ گوتنێــکی قســەکەر و قســەکەر بێدەنــگ دەکات.

**١-٢. زمــان وەک کار و کاردانــەوە لــە پرۆســەی وەڵامــی کاریگــەر**

مــرۆڤ بــە هــۆی ئــەو توانایــەی مێشــکی کــە وەک کارگەیــەکی بەرهەمهێنــانی گوتنــی جۆراوجــۆرە لــە بارودۆخــی جیــاوازدا، ئامادەباشــیی ئــەوەی تێدایــە کــە چەندیــن گوتنــی جیــاواز بــە شــێوەیەکی داهێنەرانــە دەربب‌ڕێــت، نــەک لاساییکردنەوە. کەواتــە مــرۆڤ بــۆ هــەر هاندەرێــکی زمــانی (گوتنێــکی قســەکەر) لــە توانایــدا هەیــە وەڵامێــکی جیــاواز بداتــەوە کــە لاساییکەرەوە نەبێت. کەواتــە هــەر گوتنێــک وەک هاندەرێــک لــە توانایــدا هەبێــت کار لــە لایــەنی دەروونیــی وەرگــر بــکات، ئــەوا کاردانەوەیــەکی دەبێــت. گوتنەکــە دەبێتــە کارێــکی (هاندەر)ێــکی زمــانی، وەڵام دەبێتــە کاردانــەوە (السعران، ١٩٩٢، ٣٠٥). پەیوەندیــی نێــوان زمــان و ڕەفتــار دەگەڕێتــەوە بــۆ بلۆمفیلــد، کــە زمــان و دەروونناسی بەیەکــەوە دەبەســتێتەوە. دەڵێــت: واتــای زمــانی: بریتییــە لــەو بــارەی کــە قســەکەی

تێدا دەکرێت و لەو کاردانەوەیەی کە لە گوێگر بەدی دەکرێت (عمر، ٢٠٠٦، ٦١).

**١-٣. کاریگەری (*Effective*) لە وەڵامی کاریگەر**

کاریگەری یەکێکە لە بنەماکانی واتای فۆڕمەکە، جا وشە بێت یان ڕستە، چونکە بنەماکانی واتا بریتین لە: (مەبەست، نرخ، بیر، کاریگەری) (دزەیی، ٢٠٠٩، ٤٩). مەبەست: واتە مەبەست لە گەیاندنی گوتنەکە چییە؟ نرخ: واتە گوتنەکە بە پێی جۆری کەسەکە نرخەکەی بەدیار دەکەوێت و کاریگەریی زیاتر دەبێت. بیر: واتە چۆنیەتیی بیرکردنەوەکە. کاریگەری: تا چ ڕادەیەک کاریگەریی لە سەر بەرانبەر دەبێت، ئەویش لە کاردانەوەی وەرگردا بەدیار دەکەوێت. لە وەڵامی کاریگەردا گوتنەکەی قسەکەر (کار) کاریگەریی هەیە، بۆیە کاردانەوەیەکی (وەڵامێکی) کاریگەری بەرانبەر دەبێت.

کاریگەری یەکێکە لە پێکهاتەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن، پرۆسەیەکی گەیاندنی بیرۆکەکانە لە ڕێگەی داڕشتنی پلان، هەڕەمەکی نییە، ئەویش بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی زمان. کاریگەریی ئیرادە و کردەوەیەکە بۆ گۆڕینی ڕەفتار و بیروباوەڕ، یان بۆچوونەکان، یان هیچ نەبێت گۆڕانکاریی تێدا بکات، یان بەها و بیرۆکەی نوێ بچەسپێنێت، بەڵام کارتێکراو (کارلێکراو) ئەو ئەنجامەیە کە لە پرۆسەی کاریگەرییەوەیە (مصباح، ٢٠٠٥، ١٧، ١٨). کەواتە کاریگەری بریتییە لە: پرۆسەی کاریگەریکردن لە سەر دەروون و بەها و هەڵوێست و ڕەفتارەکانی مرۆڤ، بۆ گۆڕینی بیرۆکەکانی و باوەڕ بە گوتنەکەی بهێنێت و بێدەنگی بکات، چونکە تا باوەڕ نەهێنێت؛ ملکەچ نابێت.

**١-٤. وەڵامی کاریگەر**

زۆر جار لە گفتوگۆ و پەیوەندییەکانی ڕۆژانەدا، یان لە ژیانی پیشەیی، یان لە ڕاگەیاندن لە کاتی چاوپێکەوتندا، یان لە سیاسەت، کەسانێک کەوتوونەتە بەر دۆخێکەوە کە نەیانتوانیوە وەڵامێکی گونجاوی بەرانبەرەکەیان بدەنەوە. جا دۆخێکی شەرمەزاری بێت، یان دۆخێکی پێویست بێت. تووشی سەرسوڕمانی و سەرلێشێواوی بوون، بەم هۆیەوە بێدەنگ بوون، یان بە هەڵچوونەوە وەڵامێکی زبریان داوەتەوە. لە هەردوو دۆخدا پەشیمان بوونەتەوە.

هەروەها بوار بۆ کەسەکەی بەرانبەر دەڕەخسێت کە جارێکی تر هێرشی زمانی بکاتەوە، بە هۆی ئەوەی لە جاری پێشوو بۆی ڕوون بووەتەوە کە لاوازن و دەتوانێت تووڕەیان بکات و دەزانێت کە بۆ بەرگریکردن لە خۆیان هیچ شتێکیان پێ نییە. وەڵامی کاریگەر وەک چەکێکی زیرەکانە پێش ئەوەی پەشیمان ببنەوە؛ بەهانایانەوە دێت و ناهێڵێت ئەو هەلەیان لەدەست بچێت، چونکە پەشیمانبوونەوە و ڕەخنەگرتن لە دوای گفتوگۆکە سوودی نابێت. کەواتە وەڵامی کاریگەر بۆ چوونە ناو گۆڕەپانی ژیان پێویستە. لایەنێکی دەروونیی تاکە، چونکە توانایەکی زیرەکانەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخە لەناکاوەکانی ژیان. ئامرازێکە بۆ بەرگریکردن، نەک چەکێکی هێرشکردن. دوورکەوتنەوەیە لە گوتنی ناڕەوا بۆ ئەوەی بەهێزتر دەربکەون و پەیوەندییەکانیان نەپچڕێت.

چەند پێناسەیەکی وەڵامی کاریگەر دەخەینە ڕوو:

- وەڵامی کاریگەر: جۆرێکە لە جۆرەکانی قسەکردن. لە سەر بنەمای دیالۆگ و مشتومڕ و زۆرانبازیی بیرۆکەکانە، بە ئارگومێنتی ڕازیکەر و کاریگەر. گوتنێکی ڕوون و لەناکاو ە(بێ ئامادەکارییە). لە بارودۆخە لەناکاوە تایبەتەکانەوە بەرهەم دێت، کە تێیدا پشت بە گوتنی زارەکی دەبەستێت. مەبەست لێی ڕاستکردنەوەی گوتنێک، سەلماندنی ڕاستییەک، یان بەرگریکردن لە گومانەک، لەگەڵ پێکانی واتا و خێرایی لە وەڵامدانەوە (فاعور، ٢٠١٤: ١٧).

- ڕوونبێژییەکی بێگەرد و ئارگومێنتی یەکلاکەرەوە و وێنایەکی جوان، بۆ بیرێکی ورد. وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی بەهێز و کاریگەر و سەرنجڕاکێشە. باشتر و کاریگەرتر لە گفتوگۆیەکی توند و تیژ و زیادەڕەوی (قاسم، ٢٠١٧، ٧٣).

- وەڵامی کاریگەر: ئەو وەڵامدانەوەیە کە لە دۆخە شەرمەزارکەرەکاندا وا لە گوێگر دەکات بێدەنگ بێت و هیچ شتێک نەدۆزێتەوە کە وەڵامی بداتەوە. گوزارشت لە زیرەکی و وردبینی و ڕەفتاری باش دەکات (جیلاني، ٢٠٢١، ٧).

- جاحز (جاحظ) دەڵێت: وەڵامی کاریگەر بەنرخترین داواکارییە، قورسترین گوتنی ئاڵۆزە، لێڵترین ڕێبازە، تەنگترین دەرچەیە، چونکە وەڵامدەر لە گەیاندنی بیرۆکە و بەکارهێنانی توانای پەلە دەکات. وەک بەنیازە

ئـەو شـتە بـە خێرایـی پووچـەڵ بکاتـەوە کـە قسـەکەری یەکـەم لـە گوتنەکـەی خۆیـدا بـەو ئەنجامـە گەیشـتووە. بـە ڕوونکردنـەوەی خـۆی، ئارگومێنتـی داخـراو دەکاتـەوە. بـە ڕوونتریـن ئارگومێنـت، بەرانبەرەکـەی بێدەنـگ دەکات (الحـو، ٢٠١٨، ٦).

کەواتـە وەڵامێـکی ئاسـان نییـە، بەڵکـوو سـەختە، چونکـە پێویسـتی بـە وردبینـی و بیرکردنـەوە و بەسـتنەوە و خێرایـی هەیـە، بـۆ ئـەوەی ئارگومێنتـە داخـراوەکان بـۆ چەنـد مەبەسـتێکی دیاریکـراو بکاتـەوە. هەریەکـە لـە پێناسـەکان لایەنێـکی گرنگـی خسـتووەتە ڕوو. بـەشی زۆری پێناسـەکان بـۆ لایـەنی هێـرشی زمانییـە، بـەڵام ئێمـە پێناسـەیەکی گشـتگیر بـۆ وەڵامـی کاریگـەر دەکەیـن کـە هەمـوو جـۆرەکانی وەڵامـی کاریگـەر دەگرێتـەوە.

**- وەڵامی کاریگەر**

وەڵامێکـە لـە بارودۆخـە شـەرمەزارکەرەکان یـان پێویسـتییەکان بـەکار دێـت. پەیوەندییـەکی بەهێـزی بـە گوتنـی قسـەکەرەوە هەیـە. خـاوەن ئارگومێنتـی بەهێـزە. پوخـت و کـورت و خێرایـە. دوانـدنی ئەقڵـی بەرانبـەرە، بەمـەش بەرانبـەر سەرسام دەکات. هێـز و زیـرەکی و باوەڕبەخۆبـوونی خاوەنەکـەی پیشـان دەدات. قسـەی لـێ دەبڕێـت و بێدەنگـی دەکات.

**نموونە (١)**

**گەنجێـک بـە مـەلای گـەورە دەڵێـت: نـاوم محەمـەدە، باوکـم نـاوی عەبدوڵایـە، دایکـم نـاوی ئامینەیـە، لەگـەڵ محەمەدەکـەی تـۆ جیاوازیـم چییـە؟**

**مـەلای گـەورە دەڵێـت: محەمەدەکـەی مـن وەحیـی بـۆ هاتـووە، تـۆش وەحـە.**

**١-٥. وەڵامی کاریگەر لە کۆمەڵگای کوردیدا**

لـە کۆمەڵـگای کوردیـدا چەندیـن وەڵامـی ژیرانـە و کاریگـەر دەبیسـتین کـە ڕەنگدانـەوەی لایەنێـکی کولتـووری کـوردە. هـەروەک لـە لایـەن نـاوداره کـوردەکان: قـازی محەمـەد، شـێخ مەحمـوود، مەولـەوی، کـوردی، مەحـوی، مـەلای جزیـری، د. فەرهـاد پیربـاڵ، شـێخ ڕەزا، موفتـی زەهـاوی، مـەلای گـەورە، عەزیـز گـەردی، شـوکری فەزڵـی... هتـد؛ بەرچـاو دەکەوێـت. زۆربـەی تـاکی کـورد ئـەم شـارەزاییە دەگەڕێننـەوە بـۆ لایـەنی بۆماوەیـی، بـەڵام ئەمـە بۆچوونێـکی چەوتـە. هەبـوونی ئـەو جـۆرە وەڵامانـە هۆکارەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ زۆر خوێندنـەوە و تێکەڵییـان بـە شـیعر و ئایـن، ڕاهاتـن لەسـەر شـێوازی زمانـی پوخـت و داهێـنراو. ئەگـەر خوێندەواریـش نەبێـت، بـە هـۆی تێکەڵـی بـە دەوروبەرەکـە و سـەرنجدانی بـۆ وەڵامـە بەهێـزەکان و بیرکردنـەوە و باوەڕبەخۆبـوون و ئـارەزووی بـۆ بابەتەکـە و سـەرنجی وردی بـۆ درکپێکـردنی زانیارییـەکانی یادگەیـە. فالنتـین نوفوتنـی پسـپۆڕی بەڕێوەبـردنی ئەڵـمانی بـۆ بەدەسـتهێنانی خێرایـی وەڵام، دووپـاتی دەکاتـەوە کـە تایبەتمەندییـەکی بۆماوەیـی نییـە. دەڵێـت: مـرۆڤ دەتوانێـت خێرایـی ژیـری بەدەسـت بهێنێـت و پـەرە بـە توانـاکانی پەیوەندیکـردنی بـدات (عطیـات، ٢٠١٢، ٢٨). کەواتـە هەمـوو مرۆڤێـک بـە هـۆی ڕاهێنـان و دووبارەکردنـەوە دەتوانێـت شـارەزایی پەیـدا بـکات. هەروەهـا زۆربـەی توێژینـەوە دەروونی و زمانەوانییـەکان ئـەوە دووپـات دەکەنـەوە کـە درکپێکردنـەکان و بەسـتنەوەی زانیارییـەکان لـە یادگـە، بـە هـۆی فێربوونـە لـە دەوروبـەر یـان ئەنجامـدانی ڕاهێنانـە، نـەک بۆماوەیـی. هەمـوو مرۆڤێـک توانسـتێکی هەیـە کـە لـە سـەرەتای تەمـەنی زانیارییـەکان وەردەگرێـت، دواتـر ڕسـتەی وا بەرهـەم دەهێنێـت کـە هەرگیـز نەمانبیسـتووە. بڕوانـە: (Chomsky,1985, 25-27).

**١-٦. تایبەتییەکانی وەڵامی کاریگەر**

**١. خێرایی لە وەڵام**

وەڵامـی خێـرا لـە سـاتێکی دیاریکـراودا بەرهـەم دێـت (لەدایکبـووی سـاتی خۆیـەتی). وەڵامـی کاریگـەر بەهاکـەی لـە خێراییەکـە و داڕشـتنە خۆکارییەکەیـە، واتـە لـە داڕشـتنێکی بەهێـزدا سـەختە خێـرا بیـت، بـەڵام هەمـوو کـەس لـە وەڵامێـکی سـادە و ڕووکـەش خێرایـە (فاعـور، ٢٠١٤، ٢٧). وەڵامـدەر پێویسـتە لێهاتوویـی لـە (خێرایـی درکپێکـردن، خێرایـی بیرکردنـەوە، خێرایـی ژیـری)دا هەبێـت. کاتێـک بـە ئەقـڵ دەڵێیـت خێـرا بـە، پاڵەپەسـتۆیەک بـۆ مێشـک دروسـت دەبێـت کـە بـە خێرایـی داوا لـە فەرهەنگـی مێشـک دەکات بـۆ هەڵبـژاردنی وشـە. هەمـوو ئـەم لێهاتووانـەی خێرایـی بـە هـۆی پرۆڤەکـردنی خێرایـی "بەسـتنەوە و بیرکردنـەوە و ژیـری" بەدەسـت دەهێنرێـت.

**٢. پێکانی واتا**

بە هۆی وردی و بەڵگەی گونجاو و زانیاریی فراوان و بیرکردنەوەی جۆراوجۆر و واتای بەهێز و پێکانەوە دەبێت. هەموو ئەمانەش لە ئەنجامی ئەزموون و زۆریی زانیارییەوە سەر هەڵدەدەن (هەمان سەرچاوە، ٣٠). پێویستە وەڵامەکە ئامانجەکە بپێکێت، بە بەکارهێنانی ئارگومێنت و بیرۆکەی کاریگەر.

**٣. کورتی لە دەربڕین**

خێرایی لە وەڵام، پێویستی بە چڕکردنەوەی واتاکان و کەمیی وشەکان دەکات کە واتایەکی زۆر هەڵدەگرێت، تا بتوانێت بە خێراترین و کاریگەرترین ڕێگا بگاتە بەرامبەرەکەی (هەمان سەرچاوە، ٣٢). کورتبڕی لە قسەکردن سووکترە و گەیاندنی ئاسانترە، سەرنجڕاکێشتر و خێراترە.

**٤. شێوازی داڕشتنی کاریگەر**

توانایەکی گرنگە لە شارەزایی قسەکردن. ئەقل دەدوێنێت، چونکە کۆکردنەوەیە لە نێوان جوانیی دەربڕین و دەوڵەمەندیی واتا. پێویستە وەڵامدەر لەسەر چۆنیەتیی شێوازی داڕشتنی وشەکان ڕاهێنان بکات، کاریگەریی لەسەر دەروون هەیە (هەمان سەرچاوە، ٣٤). هەروەها شێوازی داڕشتنی ناڕاستەوخۆ کاریگەرترە.

**٥. بێدەنگکردن**

بێدەنگکردن ڕێگا دەبڕێت لە دووبارە وەڵامدانەوە و ئامادەکاری بۆ وەڵامدانەوە، لەبەر ئەوەی وەڵامەکە لە هەموو ڕوویەکەوە تایبەتمەندییەکانی جێبەجێ کردووە، کاریگەر دەبێت و هێز و دەسەڵاتی قسەکەر دەسەلمێنێت. بەرانبەر ترسێکی لێ دروست دەبێت، دەروونی دەشڵەژێت و مێشکی ئیفلیج دەکات. بۆیە بێدەنگ دەبێت.

**جگە لەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە کە منیرە فاعور ئاماژەی پێ کردووە، ئێمە ئاماژە بە دوو تایبەتمەندیی تری گرنگ دەکەین بۆ وەڵامەکان:**

**٦. پەیوەندیداری**

وەڵامەکە لە هەمان چوارچێوەی گوتنی قسەکەرە. واتە داڕشتنی وەڵامەکە لەسەر بنەمای مەبەستی قسەکەرە و پەیوەندییەکی بەهێزی بە گوتنی قسەکەرەوە هەیە، بەڵام واتایەکی تری بەهێزی هەڵگرتووە، کە بیرۆکەکەی قسەکەر: پەسەند ناکات، ڕەتی دەکاتەوە، بەدرۆی دەخاتەوە، ڕاستی دەکاتەوە، سوودی پێ دەگەیەنێت.

**٧. ڕوومەندی**

وەڵامی کاریگەر چوارچێوەیەکی ڕوومەندیی هەیە. وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی لەسەرمانە ڕوومەندی بپارێزین. ئەم ڕوومەندییە ڕێژەییە، دەوەستێتە سەر بارودۆخ و دەوروبەری قسەکردن و پەیوەندیی نێوان ئاخێوەران، دوورە لە مشتومڕی توند، شەڕ و هەڵچوون و ئاژاوەنانەوە، واتە دوورکەوتنەوە لە توندوتیژیی زمانی.

**٧-١. شێواز لە وەڵام**

شێواز بەرگێکی کۆمەڵایەتی و ڕوومەندییە، بە بەر بیردا دەکرێت. بۆ ئەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ هیچ کەسێک نەپچڕێت، هەروەها بتوانین بەرگری لە خۆمان بکەین، خۆمان لە تۆمەتەکان و هەندێ پرسیار کە لێمان دەپرسن؛ بەدوور بگرین، ئەوا پێویستە وەڵامێکی ئەرێنییانە بدەینەوە، چونکە ئەگەر شێوازێک لە ناو کۆمەڵگا پەسەند نەبێت، لەوانەیە تووڕەبوونی بەرانبەر، یان پەشیمانبوونەوەی وەڵامدەری لێ بکەوێتەوە، بۆیە زۆر گرنگە کلیلی بەکارهێنانی شێوازەکان بزانین. شێواز: بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگایەکی تایبەتی لە نێوان چەند ڕێگایەکی دەربڕیندا، هەموویان بۆ گەیاندنی هەمان مەبەست بەکار دێن (فەتاح،٢٠١٠، ٨٧). مەبەستمان لە بەکارهێنانی شێوازی جیاواز لە وەڵامدانەوە، بە واتای ئەوەی کە وەڵامدەر بۆ داڕشتنی بیرەکەی؛ کۆمەڵێ کەرەستەی زمانیی لایە، بەڵام وا باشترە کۆمەڵێ کەرەستەی تری زمانی بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی کاریگەر بێت و لە ڕووی دەروونییەوە بریندارکەر نەبێت. هەروەها ڕوومەندیی تێدا بێت و ڕەچاوی باری دەروونیی وەرگر بکات. کەواتە پێویستە لە داڕشتنی جۆری وەڵامەکە ڕەچاوی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: تەمەن، ڕەگەز، پیشە، پێگە، تایبەتمەندی، ڕەوشت، کەسایەتی، باری کۆمەڵایەتیی بەرانبەر بکەین، تا وەڵامەکانمان سووکایەتی بە ئەوانی تر نەبێت.

**نموونە (٢)**

**ئافرەتێکی بەساڵاچوو چوو بۆ لای ئاغایەک، سکاڵای دزینی مەڕوماڵاتەکەی کرد. لە**

**لایـەن سـەربازەکانی ئاغـا دزرابـوون، کـە ئاغاکـە خەوتبـوو. سـوڵتان پێـی گـوت: وا پێویسـت بـوو لـە بریـی نووسـتن، شـەونخوونی بەدیـار ئاژەڵەکانتـەوە بکەیـت.**

**ئافرەتەکـە وەڵامـی داوە و گـوتی: گـەورەم، وام زانـی تـۆ بێداریـت، لەبـەر ئـەوە خەوتـم.**

وەڵامـدەر وەسـفی ئاغـا دەکات، پێویسـتە ئـاگاداری سـامانی میللەتەکـەی بێـت. وەڵامـدەر بیرەکـەی لەسـەر شـێوازێکی داهێـنراوی زمـانی دەربڕیـوە. دەسـتەواژەی "وام زانی تـۆ بێداریـت" بـە واتـای ناخەویـت و ئـاگاداری میللەتەکـەتی، بـەڵام لێرەدا بـە ناڕاسـتەوخۆ واتـای "ئاگادارنەبـوون"ی بـەکار هێنـاوە. بـۆ ئـەوەی ڕوومەندیـی تێـدا بێـت، بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ پێـی دەڵێـت: تـۆ ئـاگاداری میللەتەکـەت نییـت. ئەمـەش لەبـەر پلـەی ئاغاکـە، ناکرێـت بـە ئاغایـەک بگوترێـت: تـۆ ئـاگاداری میللەتەکـەت نییـت. هەروەهـا بـە هـۆی بەکارهێنـانی وشـەی وام زانی، تونـدی و زبریـی شـێوازەکە سـووکتر دەکات.

**١-٨. توانستی ڕەوانبێژی و پراگماتیکی لە کردەی کاریگەری**

هونـەرەکانی ڕەوانبێـژی لـە قسـەی ڕۆژانـە زۆر زیاتـر بـەکار دێـت بـە بـەراورد بـە بەکارهێنـانی ئـەدەبی، ئـەدەب بـۆ جوانـکاری بەکاریـان دەهێنێـت، ئـەو کێشـانە بـە ڕێـگای پراگماتیـک چارەسـەر دەکرێـت (محەمـەد مەعـرووف فەتـاح، ٢٠١١، ١٨٦، ١٨٧). بەکارهێنـانی ڕەوانبێـژی لـە ئەدەبـدا، بـە مەبەسـتی یەکـەم بـۆ جوانکارییـە واتـە بـۆ سەرنجڕاکێشـانە، چونکـە لـە ڕێـگای کار و کاردانـەوەی بەرانبـەر نییـە. بـەڵام بەکارهێنـانی ڕەوانبێـژی لـە گفتوگـۆی ڕۆژانـە و وەڵامـی کاریگـەر چەندیـن مەبەسـت دەگەیەنێـت، کـە بـە شـێوازێکی داهێنەرانـە ئامانجیـان لـەو مەبەسـتانە کاریگـەری و کاردانـەوەی بەرانبـەرە، ئینجـا بـە پلـەی دووەم جوانکارییـە. جوانکارییەکـەش تەنهـا بـۆ سەرنجڕاکێشـانیانە. ئـەم مەبەسـت و ئامانجانـەش بـە پراگماتیـک نەبێـت لێـک نادرێنـەوە، چونکـە ئـەم پرۆسـەیە لـە ڕێـگای کار و کاردانـەوە و هـۆکاری دەوروبـەری گوتنەکـە دێتـە ئـاراوە. کەواتـە بـۆ وەڵامـی کاریگـەر پێویسـتە دەوروبـەر و قسـەکەر و گوێگـر بێنـە نـاوەوە، ئینجـا واتـا و مەبەسـت ڕوون دەبێتـەوە.

ڕەوانبێـژی هونەرێکـە لـە ئاخاوتنـی ڕۆژانـە زیاتـر بـەکار دێـت، گوزارشـت لـە واتایـەکی کاریگـەر دەکات، بـەڵام بەهـای کاریگـەری لـە پراگماتیـک پەیوەسـتە بـە جـۆری کردەکـە و مەبەسـتی قسـەکەر و هەڵوێسـتەکەی. لـەم بارەیـەوە لیـچ (Leech) پراگماتیـک بـە ڕەوانبێژیـەوە دەبەسـتێتەوە و دەڵێـت: ڕەوانبێـژی بەکارهێنـانی "کاریگەرانـەی" زمانـە لـە پەیوەندیکردنـدا (Leech, 1983, 15). کەواتـە وشـەی کاریگـەری کـە لـە ڕەوانبێـژی و پراگماتیکـدا هەیـە؛ مەرجێـکی سـەرەکییە، پێویسـتە لـە وەڵامـی کاریگـەردا هەبێـت. زۆربـەی وەڵامـە کاریگـەرەکان بـە هـۆی شـێوازی زمـانی کاریگـەر دەبـن، چونکـە سەرنجڕاکێشـانێکی هونەریـی تێدایـە و دوانـدنی ئەقڵـە. شـێواز؛ دارشـتنی هەڵبـژاردنی زمانییـە، بـەڵام پراگماتیـک سـەیری بەکارهێنـان و بارودۆخـی قسـەکردنەکە دەکات. هەروەهـا ڕەوانبێـژی چارەسـەری پلـە و هێـزی کاریگـەری لـە گوێگـر دەکات لەگـەڵ خسـتنەڕووی مەبەسـتی قسـەکەر. ئەمـەش گرنگتریـن تـەوەری پراگماتیکـە، چونکـە لێکۆڵینـەوە لـە ئاوێتەبـوونی نێـوان قسـەکەر و گوێگـر دەکات، لەگـەڵ ئـەو کاریگەرییـەی کـە لـە سـەر وەرگـر دروسـتی دەکات. جگـە لەمـەش، بەشـێکی زۆری هونـەرەکانی ڕەوانبێـژی وەک: (خـوازە، خواسـتن، درکـە، داپۆشـین... هتـد) لادانـە لـە بنەمـای چۆنیەتیـی هاریـکاری (گرایـس)، چونکـە مەبەسـتەکە بـە ڕوونی ناخەنـە ڕوو، بەڵکـوو بـە ناڕاسـتەوخۆیی دەریدەبـڕن. هەروەهـا دەچێتـە خانـەی کـردەی قسـەیی کـە شـتێک دەڵێـن و مەبەسـتی شـتێکی تـرە (بڕوانـە: دزەیـی، ٢٠١٥، ٢٢، ١١٣، ١١٢). هـەر بۆیـەش گوتنـەکانی وەڵامـی کاریگـەر کـە خـاوەنی "ڕەوانبێـژی و شـێوازی دارشـتن و بەکارهێنـانی تەکنیـکی بەهێـزی زمـانی"ن، ڕەهەندێـکی پراگماتیکییـان تێدایـە.

**١-٩. ئارگومێنت (Argument) لە وەڵامی کاریگەر**

چەمـکی ئارگومێنـت بـە واتـای پاسـاو دێـت، بـۆ بەهێزکـردنی گوتنـی قسـەکەر؛ گوتنەکـە ڕوون دەکاتـەوە، وایـان لـێ دەکات کـە لـە بارێـکی دیاریکـراو تێبگـەن تـا ڕاستییەکان بسـەلمێنێت و کار بکاتـە سـەر گوێگـر. لـە فەرهەنگـی زمـانی فەڕەنسـی؛ ئارگومێنـت: هونـەری بەکارهێنـانی پاسـاوە یـان نارەزاییـە لـە نـاو مشـتومڕێکی دیاریکـراودا (أعـراب، ٢٠٠١، ٩٩). قسـەکەر بـە هـۆی ئارگومێنتـەوە دەتوانێـت بـیر و بـاوەڕ و

تێڕوانینەکانی وەرگر بگۆڕێت. مەرج نییە ئارگومێنت تەنها ڕاستییەکی لۆژیکی بێت، بەڵکوو زۆر ئارگومێنت هەیە تەنها بە پەسەند دادەنرێت بۆ کاریگەری، بەڵام ئەوەی گرنگە لە وەڵامی کاریگەردا چۆن و تا چ ڕادەیەک بەو پاساوانە (ئارگومێنتانە) باوەڕ بە بەرانبەر دەهێنیت و بێدەنگی دەکەیت.

وەڵامی کاریگەر لە دەوروبەرێکی کارلێکی گفتوگۆیە لە نێوان قسەکەر و گوێگر، کەواتە ئەرکی ئارگومێنتی جێبەجێ دەکات. بەکارهێنانە گرنگەکانی ئارگومێنت: کارتێکردن و سەرنجراکێشان و باوەڕهێنانی وەرگرە، کە چەندین ڕاستیی تێدا حەشار دراوە بۆ مەبەستی: پووچەڵکردنەوەی بۆچوونی قسەکەر، پەسەندکردنی بیری وەڵامدەر، ڕوونکردنەوە، هەروەها لاوازکردنی گوتنی قسەکەر و بەهێزکردنی گوتنی وەڵامدەرەوە. ئارگومێنتەکان هەمووی بەڵگە و پاساون بۆ بەرگریکردن لە خود. کەواتە بۆ ئەوەی وەڵامدەر بەرگری لە خۆی بکات، ئەگەر هەر وەڵامێک لەسەر شێوازی داڕشتنی کاریگەر ئارگومێنتی تێدا بێت، ئەوا ئەو وەڵامە وزەیەکی کاریگەری تێدا کۆ کراوەتەوە و دەبێتە هۆی جووڵاندنی لایەنی دەروونی لە وەرگر. کەواتە ئارگومێنت لە وەڵامی کاریگەر پرۆسەیەکی مشتومڕییە، وا لە وەرگر دەکات کە ملکەچ و بێدەنگ بێت.

**چەندێتیی کاریگەریی ئارگومێنت لە وەڵامی کاریگەر دەوەستێتە سەر:**

فەلسەفەی بیرکردنەوە، دەوڵەمەندیی فەرهەنگی زەینی تاک و دەوڵەمەندیی زمانەکە کە خۆی دەبینێتەوە لە هەڵبژاردنی وشە و لایەنەکانی واتاسازی، شارەزایی تاک لە چۆنیەتیی شێواز و داڕشتنی دەربڕینەکە، شێوازی گفتوگۆ، کولتووری کۆمەڵگا و لایەنی ڕۆشنبیریی تاک.

**لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە بکەین: ئایا لە پرۆسەی وەڵامی کاریگەر بۆ بەرگریکردن لە خۆمان، ئارگومێنتێکی سادە بەکار بهێنین؟ یان ئارگومێنتەکە بە شێواز و داڕشتنێکی داهێنەرانە و ناڕاستەوخۆ؟**

"شایم پێرلمان" (Chaïm Perelman) و ئۆلبەریخت تیتکا (Lucie Olbrechts -Tyteca) لە کتێبەکەیاندا بە ناوی "کورتکراوەی ڕەوانبێژی"، ڕەوانبێژی بە باشترین ئارگومێنت دادەنێن. پێیان وایە ڕوونبێژی و جوانکاری ئەرکێکی ئارگومێنتییان هەیە (دزەیی، ٢٠١٥، ٤٥). دەتوانین بڵێین: پێرلمان ئارگومێنتی بە ڕەوانبێژی و پراگماتیک بەستووەتەوە، چونکە ئەوەی لە بیری قسەکەردا دروست دەبێت، بە گوێرەی دەوروبەر و پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر و جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی کاریگەری دەیکات بە بەڵگە. وەڵامدەر هەمیشە هەوڵ دەدات واتایەکی تر لە ناوەرۆکی ئارگومێنتەکە بگرێتە خۆی کە کاریگەر بێت، ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی (خوازە، درکە، لێکچوواندن، ئایرۆنی... هتد) دەیانخاتە ڕوو، ئەمانەش شێوازێکی ناڕاستەوخۆن. کەواتە شێوازی بنیاتنانی ئارگومێنتی گرنگە، بۆ ئەوەی ئارگومێنتەکە کاریگەریی زیاتر بێت.

**بەشی دووەم: تەکنیکەکانی وەڵامی کاریگەر**

لەم توێژینەوەیەدا چەندین تەکنیکی جۆراوجۆری بەهێزم لە وەڵامی کاریگەر دۆزیوەتەوە کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەتوانن وەک چەکێک لە کاتە لەناکاوەکاندا بەکاری بهێنن، بەڵام لێرەدا لەبەر سنووری دیاریکراوی توێژینەوەکە، بە کورتی ئاماژە بە ژمارەیەکی کەم لەم تەکنیکانە دەکەم.

**٢-١. تەکنیکی ئارگومێنتی فریودان**

ئارگومێنتێکی چەواشەکارییە و بە "هەڵەی ئارگومێنتی"یش ناو دەبرێت. بەکارهێنانی پاساوێکی نادروستە، بە شێوەیەک پیشانیان دەدات کە ڕەوایە و دروستە، بەڵام لە ڕووی لۆژیکەوە ناڕەوایە یان هەڵەیە (نموونەیەکی هەڵە، ڕوخسارێکی بێتاوانی بۆ دابین دەکات) (Hamblin, 1970, 194). یەکەم کەس گرنگیی بەم بابەتە دابێت؛ "هامبلین" (Hamblin) بوو، لە کتێبەکەی بە ناوی "Fallacies"دا باس لەوە دەکات کە ئەمە ئارگومێنتێکە لە گفتوگۆکان. ئێستا زۆرتر بەکار دێت. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە (هەموو بەڵگە ڕەواکان لەسەر بنەمای دەرئەنجامە ڕەواکان دامەزراون، بەڵام هەموو دەرئەنجامە ڕەواکان بەڵگەی ڕەوا نین) (Hamblin, 1970, 213)، واتە ئەگەر بەڵگەکە لۆژیک و دروست بوو، ئەوا دەرئەنجامەکەشی لۆژیکییە، بەڵام هەموو دەرئەنجامێک دروست بوو، مەرج نییە

بەڵگەکـەی لۆژیـکی و ڕاسـتەقینە بێـت (پاسـاوێکی گەندەڵـە، یـان هەڵەیـە، کـە وا دەردەکەوێـت ڕاسـت بێـت، چونکـە لـە ڕووی دەروونییـەوە ڕازیکـەرە نـەک لۆژیـکی، سـەرەڕای ئـەوەی هەڵەیـەکی بەمەبەسـتە) (زحـاف، ٢٠١٩، ٤٩). کاریگەریـی لەسـەر دەروونـە، بۆیـە مەبەسـت لێـی لۆژیـکی سـۆزدارییە نـەک لۆژیـکی ئەقڵـی. لـە وەڵامـی کاریگـەر تەنهـا ئـەو جـۆرە هەڵـە ئارگومێنتییانـە بـەکار دەهێنـین کـە هەڵـەی بەمەبەسـتە. وەڵامـدەر چەنـد تەکنیکێـکی زمـانی سـاختەکردن و دەسـتکاریکردنی ڕاستییەکان بـە بەکارهێنـانی هەڵـە بەرانبـەر دەخاتـە تەڵـەوە، بـە مەبەسـتی چەواشـەکاری و فریـودان، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ملکەچبـوون و خۆبەدەسـتەوەدانی وەرگـر.

نموونە (٣)

**عەرەبـەکان بـە موفتـی زەهـاوی دەڵێـن: خۆزگـە کـورد نەبووبایـت. موفتـی دەڵێـت: ڕاستە، خـودا دەڵێـت: "الأكـراد أَشَـدُّ كُفْـرًا وَنِفَاقًـا". عەرەبـەکان وەڵامیـان داوە گوتیـان: نـا، ئایەتەکـە ئەوهایـە: "الْأَعْـرَابُ أَشَـدُّ كُفْـرًا وَنِفَاقًـا".**

نموونە (٤)

**کۆمەڵـە شـاعیرەک بـۆ لای فەرمانـڕەوا دەڕۆیشـتن، پیـاوەک وای زانی ئەوانـە بـۆ دەعـوەت دەڕۆن و شـوێنیان کـەوت. کـە گەیشـتنە فەرمانـڕەوا، هەریەکەیـان شـیعرێکی بـۆ فەرمانـڕەوا دەخوێنـدەوە و خەڵاتێکیـان وەردەگـرت. فەرمانـڕەوا بـە پیاوەکـەی گـوت: ئـەی شـیعری تـۆ؟ پیاوەکـە گـوتی: مـن شـاعیر نیـم. گـوتی ئـەی تـۆ کێیـت؟ پیاوەکـە وەڵامـی داوە و گـوتی: مـن ئـەوەم: "وَالشُّـعَرَاءُ يَتَّبِعُهُـمُ الْغَـاوُونَ".**

**لـە نموونـەی (٣):** وەڵامـدەر بـە بەکارهێنـانی وشـەیەکی هەڵـە، لـە ئایـەتی "الأعـراب أشـد كفـراً ونفاقـاً" (التوبـة: ٩٧)، واتـە "عەرەبـەکان (دەشـتەکییەکان) بێبڕوایـی و دووڕییـان بەهێزتـرە" (مـەلا سـاڵح، ٢٠٠٧، ٢٠٢)، هەڵەکـە لـە وشـەی "الأكـراد"ە، موفتـی زەهـاوی دەیەوێـت بـەو ئایەتـە فریویـان بـدات. وشـەی "عـەرەب"ی لـە ئایەتەکـە گۆڕیـوە بـە "کـورد"، تـا ئـەوان خۆیـان ئایەتەکـە ڕاسـت بکەنـەوە و بەسـەر خۆیـان بشـکێتەوە. بەمـەش وایـان لـێ دەکات جارێکـی تـر بەرپەرچـی بدەنـەوە، تـا بـە وەڵامـی خۆیـان فریویـان بـدات.

**لـە نموونـەی (٤):** "والشـعراء يتبعهـم الغـاوون" (شـعراء: ٢٢٤)، "واتـە شـاعیرەکان تەنهـا گومڕانـەکان شـوێنیان دەکـەون" (مـەلا سـاڵح، ٢٠٠٧، ٣٧٦)، واتـە مـن گومـڕان و سەرلێشـێواوم، فەرمانـڕەوا خـەڵاتی ئەویـشی کـرد. وەڵامـدەر ئـەم ئایەتـەی وەک ئارگومێنتێـک هێناوەتـەوە. ئـەم ئایەتـە لـە چوارچێوەیەکـی تـردا بـەکار دێـت. لـەم دەوروبـەرە بـەکار بێـت هەڵەیـە، بـەڵام وەڵامـدەر دەقـی ئایەتەکـە دەخاتـە ئـەم دەوروبـەرە بـۆ ئـەوەی فریویـان بـدات، تـا خـۆی لـە پرسـیاری فەرمانڕەواکـە ڕزگار بـکات.

**٢-٢. تەکنیکی لادان لە وەڵام**

وەڵامـدەر وەڵامـی پرسـیارکەر یـان قسـەکەر دەداتـەوە، بـە جۆرێـک قسـەکەر نەیپرسـیوە، واتـە واتایـەکی هەڵگرتـووە کـە قسـەکەر مەبەسـتی نەبـووە، قسـەکەر پێشـبینیی ئـەو جـۆرە وەڵامـە نـاکات (وەڵامدانـەوەی پرسـیاری گوێگـرە بـە شـتێکی تـری چاوەڕواننەکـراو، یـان وازهێنانـە لـە مەبەسـتی پرسـیاری گوێگـر و وەڵامـی پرسـیارێک بداتـەوە بـە لایـەوە مەبەسـت نەبێـت) (مصطفـی، ٢٠١٣، ٣٨٣). وەڵامـدەر لـە پرسـیارەکە لا دەدات، وەڵامێـکی چاوەڕواننەکـراوی دەداتـەوە. "عبدالعزیـز عتیـق" لـە ڕەوانبێـژی لـە شـیعر سـێ مەبەسـتی لادان لـە وەڵام دیـاری کـردووە، وەک: مەبەسـتەکانی (خۆڕزگارکـردن لـە پرسـیاری شـەرمەزاری، گاڵتەجـاڕی، کـەسی پرسـیارکەر بـۆ وەڵامـی باشـتر ببـات) (عتیـق، ٢٠٠٢، ١٨٣)، بـەڵام لـەم توێژینەوەیـە، جگـە لـەم سـێ مەبەسـتە، بـۆ مەبەسـتەکانی لادان لـە وەڵامـی کاریگـەر چەندیـن مەبەسـتی جیاوازتـرم دۆزیوەتـەوە. لـە خـوارەوە بـە نموونـەوە ئاماژەی پـێ دەدەم.

**٢-٢-١. مەبەستەکانی لادان لە وەڵام**

١. **خۆڕزگارکـردن لـە پرسـیارێک کـە داواکارییـەک بێـت وەڵامـدەر نەیەوێـت ئەنجامـی بـدات، یـان سەرئێشـە بێـت، یـان مەترسـیی تێـدا بێـت:** هـەر کامیـان بێـت، نایەوێـت وەڵام بداتـەوە و لـە وەڵامەکـە لا دەدات.

نموونە (٥)

**شێخ مەحمـوود کوڕەمامێکی دێتـە لای و دەڵێت:**
**بـۆ منیـش ناکەیـت بـە وەزیـر؟**
**شێخ گوتی: ئەوە تۆم کرد بە وەزیری بەحری.**

کـوڕی مامـی شـێخ مەحمـوود داواکارییـەک دەکات کـە بیـکات بـە وەزیـر، شـێخ مەحمـوود نایەوێـت بیـکات بـە وەزیـر و خـۆی لـە داواکارییەکـە ڕزگار دەکات. بۆیـە لـە وەڵامەکـە لا دەدات و وەڵامێـکی گاڵتەجاڕانـەی دەداتـەوە، دەڵێـت دەتکـەم بـە وەزیـری بەحـری، لـە کاتێکـدا کـە بەحـر (دەریـا) وەزیـری نییـە.

**٢. خۆڕزگارکـردن لـە شـەرمەزاری و سـزا:** وەڵامـدەر بـۆ ئـەوەی تـووشی شـەرمەزاری نەبێـت، لـە وەڵامـی پرسـیارەکە لا دەدات و وەڵامێـکی تـری دەداتـەوە.

نموونە (٦)

**ئاغایـەک بـە منداڵێـکی گـوت: ئایـا ماڵـی باوکـت گەورەتـرە یـان ماڵـی ئەمـیر؟**
**منداڵەکـە گـوتی: ئـەوەی لـە ماڵـی ئێمـە بێـت، ئـەو ماڵـە گـەورە دەبێـت.**

منداڵەکـە بـۆ مەبەسـتی خۆڕزگارکـردن وەڵامـی پرسـیارەکەی نـەداوە، بەڵکـوو وەڵامێکـی تـری داوە لـە تـرسی ئاغـا، یـان بـۆ ئـەوەی تـووشی شـەرمەزاری نەبێـت. بۆیـە گـوتی: ئەگـەر باوکـم لێـرە بێـت؛ ئـەوا ماڵـی ئێمـە بـە بـوونی باوکـم گـەورە دەبێـت، ئەگـەر ئاغـاش لێـرە بێـت؛ ئـەوا ماڵـی ئێمـە بـە ئاغـا گـەورە دەبێـت.

**٣. وەڵامـدەر نایەوێـت زانیـاری بـدات، هـەوڵ دەدات کـەسی پرسـیارکەر بـۆ وەڵامـی گرنگـتر ببـات:** وەڵامـدەر قسـەکەر ئـاگادار دەکاتـەوە کـە پێویسـتە هەنـدێ شـتی باشـتر وەڵام بدەمـەوە.

نموونە (٧)

**بە بازرگانێکیان گوت: داهاتت چەندە؟**
**بازرگانەکـە گـوتی: مـن ڕاسـتگۆم و خەڵـک زۆر باوەڕیـان بـە مـن هەیـە.**

وەڵامـدەر دەیەوێـت بـە پرسیارکەر بڵێـت: پرسـیاری دروسـت و گرنـگ بـۆ بـازرگان، ڕاسـتگۆیی و بـاوەڕی خەڵـک داهـاتی بازرگانەکانـە.

**٤. خـاوەن پرسـیار کەسـێک بێـت بـە ئاسـانی لـە ڕاسـتیی بابەتـەکان تێنـەگات:** وەڵامێکـی تـری دەداتـەوە کـە پێـی ڕادەگەیەنێـت تـۆ بـە ئاسـانی لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارە تێناگەیـت، بۆیـە ئـەو وەڵامـە بـۆ تـۆ بەسـە.

نموونە (٨)

**پیاوێـك بـاوەڕی بـەوە هەبـوو کـە کەسـێک بمرێـت؛ ڕۆحەکـەی دەچێتـە بـەر کەسـێک کـە لەدایـک دەبێـت. پیاوەکـە پرسیاری لـە مەلایـەک کـرد و گـوتی: پێـت وایـە ئـەو ڕۆحـەی مـن ئێستا هەمـە، پێشـتر هیـی کـێ بـووە؟**
**مەلاکە گوتی: هیی گوێدرێژە تۆپیوەکەی من.**

**٥. بـۆ گاڵتـە و خـۆشی:** وەڵامـدەر بەبـێ هیـچ مەبەسـتێک، تەنهـا بـۆ گاڵتـە و خـۆشی و پێکەنـین لـە وەڵامـی پرسـیارەکە لا دەدات، وەڵامێـکی تـری گاڵتەجاڕانـە دەداتـەوە.

نموونە (٩)

**چـی دەزانیـت لـە بـارەی سـەرکردەکانی جەنگـی جیهانیـی یەکـەم؟**
**وەڵام: هەموویان مردوون.**

نموونە (١٠)

**ڕۆمانییـەکان دوای ئـەوەی لـە ڕووبارەکـە پەڕینـەوە، چییـان کـرد؟**
**وەڵام: جلەکانیان وشک کردەوە.**

**٦. گەیانـدنی پەیامێـکی بەسـوود:** وەڵامـدەر لـە پرسـیاری قسـەکەر لا دەدات و وەڵامێکـی تـری دەداتـەوە، بـە مەبەسـتی ئـەوەی بەهایـەکی ئەقڵـی و ڕەوشـتی و پەیامێـکی بەسـوودی تێـدا بێـت، واتـە لـە بابەتێـکی گرنگـتر ئـاگاداری دەکاتـەوە. بەمـەش سـەرنجی پرسـیارکەر ڕادەکێشـێت و ڕازیـی دەکات، بـە هێنانـەوەی بەڵگەیـەکی ڕاسـتەقینە، پەنـد، ئامـۆژگاری، نموونەیـەکی دابونەریتـی کۆمەڵـگا و قسـەیەک کـە لەگـەڵ ڕاسـتی و بـیر و هـۆش بگونجێـت.

نموونە (١١)

**کەسـێك بـە زەهاویـی گـوت: چـی دەڵێیـت لـە بـارەی شـەونوێژ؟**
**زەهـاوی وەڵامـی داوە و گـوتی: بـە ڕۆژ لـە خـوا بترسـە، بـە شـەویش بخـەوە.**

پرسیارکەر پرسیاری لەسەر چۆنیەتیی ئەنجامدانی شەونوێژ کرد، یان خێری شەونوێژ، بەڵام وەڵامدەر لە پرسیارەکە لای دا، وەڵامێکی تری داوە کە سوودی بۆ پرسیارکەر هەیە. پەیامێکی گرنگی ڕاگەیاند کە خێر و چاکە بەرامبەر بە خەڵک و دوورکەوتنەوە لە خراپەکاری و ترسان لە خوا؛ خێری زیاترە لە شەونوێژ.

**٧. بۆ دڵخۆشکردنی کەسی بەرانبەر**

**نموونە (١٢)**

**باوک: مامۆستا، کوڕەکەم لە بیرکاری کووە؟**

**مامۆستاکە گوتی: لە کوردی زۆر باشە.**

**٨. پرسیارکەر پرسیاری ناپەسەند بکات:** خاوەن پرسیار کەسێک بە ئەنقەست پرسیارێکی نادروست و نا لۆژیکی دەکات، یان لەبەر ئەوەی کەسێکی سادە و نەزانە، یان بۆ گاڵتەپێکردن، وەڵامدەریش لە وەڵامی پرسیارەکە لا دەدات، بۆ ئەوەی گاڵتەی پێ بکات و سەرزەنشتی بکات.

**نموونە (١٣)**

**نووسەر مەلا عەبدوڵای مەریوانی تۆزێک چاوی خێلە. مەحموود پاشای جاف دەڵێت: مامۆستا عەبدوڵا، ڕاستە دەڵێن تۆ یەک شت بە دوو دەبینیت؟**

**مەلا عەبدوڵا وەڵامی داوە و گوتی: بەڵێ ئەوە ڕاستە، من ئێستا دوو پێی تۆ بە چوار پێ دەبینم.**

مەحموود پاشای جاف گاڵتە بە چاوی مەلا عەبدوڵا دەکات کە خێلە، مەلا عەبدوڵاش لە وەڵامەکە لا دەدات، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەسەر هەمان بیرۆکەی پرسیارەکەی مەحموود پاشا بە گاڵتەوە باس لە سیفاتی خێلی دەکات کە خێلەکان دوو شت بە چوار شت دەبینن، ئەویش پێی دەڵێت: بەڵێ وایە، "دوو پێ"ش بە چوار پێ دەبینم. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، واتە تۆ گوێدرێژیت.

**٢-٣. تەکنیکی دانایی**

لەم تەکنیکەدا گوێگر پشت بە وشەیەک دەبەستێت لە گوتنی قسەکەر، بە جۆرێک وەڵامدەر وەڵامێک لەو وشەیە هەڵدەهێنجێت، دانی پێدا دەنێت و ڕازیی دەکات، بۆیە عەلائەدین سەجادی بە "دان بە پێویست" ناوی دەبات. "وشەیەک لە ڕستەی یەکێکی ترا هەیە، واتە کەسی دووەم (مخاطب) بیبڕی بەسەر ئەو مەعنایەدا کە کەسی یەکەم (متکلم)ەکە مەبەستیەتی. بەڵام ئەبێ کاتێ کە کەسی دووەمەکە وەڵامی کەسی یەکەمەکە ئەداتەوە وشەکەی ئەو ببڕێ بەسەر غەیری ئەو مەعنایەدا کە مەبەستی بووە، ئەبێ شتێک لە ڕستەکەی ئەودا هەبێت کە پەیوەندیی بە وشەکەوە هەبێ" (سەجادی، ١٩٧٨، ١٢٤). واتە وشەیەک لە گوتنی قسەکەر هەیە، وەڵامدەر هەمان وشە بەکار دەهێنێت، بەڵام بە واتایەکی تر و هۆکارێکی تری بۆ دروست دەکات. هەروەها پێویستە وشەیەکی تر لە ڕستەکە هەبێت، پەیوەندیی بەو وشەیە هەبێت کە وەڵامدەر لە قسەی قسەکەر وەریگرتووە.

**نموونە (١٤)**

**وەزیری بەریتانیای قەڵەو بە برنادشۆی لاوازی گوت: کەسێک تۆ ببینێت وا لاوازیت، وا دەزانێت بەریتانیا لە ئەزمەدایە.**

**برنادشۆ وەڵامی داوە و گوتی: کاتێ بەریتانییەکان تۆ دەبینن، وا دەزانن هۆکاری ئەو ئەزمەیە تۆیت.**

وشەی "ئەزمە" قسەکەر بەکاری هێناوە، توانجە لە لاوازیی برنادشۆ، ئەوەی ئەو لاوازییە ببینێت گومان دەکات بەریتانیا لە ئەزمە بێت، واتە هۆکاری ئەزمە بێگومان نەبوونی خواردن و پێداویستییە. بەڵگەکەشی ئەوەیە کە برنادشۆ لاوازە، وەڵامدەر ئەو وشەیەی وەرگرتووە، واتایەکی تری پێ داوە، دەڵێت هۆکاری "ئەزمە"کە نەبوونی نییە، بەڵکوو هۆکارەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ قەڵەوی و زۆرخۆریی وەزیری بەریتانیا کە هەر چی خواردن و ماڵ و پارەی بەریتانیا هەیە دەیخوات، یان هۆکاری "ئەزمە"کە دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی توانای وەزیری بەریتانیا لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی.

**٢-٤. تەکنیکی پرسیار**

لە وەڵامی کاریگەر بەشی زۆری وەڵامەکان لەسەر شێوازی پرسیارە، بەڵام مەبەستی پرسیارکردن نییە، واتە داوای زانیاری ناکات، بەڵکوو خۆی زانیاریی لایە، بە هۆی دەوروبەری گوتنەکە تێدەگات، بەڵکوو مەبەستی تر دەگەیەنێت. شێوازی پرسیار لە وەڵامی کاریگەر

شێوازێکی هۆشیارکەرەوەیە، لە هەمان کاتدا بۆ گەیاندنی زانیارییە نەک داواکردنی زانیاری. وەڵامدەر ئەم تەکنیکە بەکار دەهێنێت بۆ کاریگەری، باشترین تەکنیکە بۆ سەرنجڕاکێشان و بێدەنگکردنی، چونکە جگە لە پیشاندانی دەوڵەمەندیی زمانەکە و بەهێزیی بیری کەسەکە، دوانی ئەقڵە. هەروەها ئەم تەکنیکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ توانای دەربڕینی کردەکانی (نکۆڵیکردن، دانپێدانان، توانج، هەڕەشە، شکانەوە... هتد)ی هەیە.

چەند جۆرێک لە مەبەستەکانی شێوازی پرسیارکردن لە وەڵامی کاریگەر بەرچاو دەکەوێت، وەک پرسیاری: (نکۆڵیکردن (الأستفهام الإنكار)، دانپێدانان (تقريری)، سەرسوڕمان، گاڵتەجاڕی، نەرێ، بێزێزی و ناشرینکردنی بەرانبەر) (فاعور، ٢٠١٤، ٨٢-٩٥). ئێمە ئاماژە بە چەند جۆرێکی گرنگ دەدەین.

**٢-٤-١. مەبەستەکانی شێوازی پرسیار لە وەڵامدانەوە**

**١. پرسیاری نکۆڵیکردن (الأستفهام الإنكار):** پرسیارەکە پرسیارێکی هەواڵگەیاندنە، نەرێ (نەفی)یە، پێی دەگوترێت پرسیاری نکۆڵیکردن (الأستفهام إنكار)، نکۆڵی لە وەرگر دەکات (سحراوی، ٢٠٠٥، ١٦٣). نکۆڵی لە شتێک دەکەیت، واتە ڕوونی دەکەیەوە کە ئەو شتە وا نەبووە. ئەو شتە نەرێیە، شتێکی سەرزەنشتکراوە (حاشالێکراوە). نکۆڵیکردنەکە وەڵامەکەی بە "نەخێر"ە.

**نموونە (١٥)**

> **پیاوێکی ئایینیی نەسرانییەکان بە باقلانی دەڵێت: پێغەمبەری ئێمە (عیسا) لە پێغەمبەری ئێوە پاکترە، چونکە پێغەمبەری ئێوە هاوسەرگیریی کردووە، بەڵام پێغەمبەری ئێمە نەیکردووە. باقلانییش گوتی: ئایا تۆ هاوسەرگیریت کردووە؟ پیاوە ئایینییەکە گوتی: هاوسەرگیری کارێکی پیسە، ئێمە لەم دنیایە هاوسەرگیری ناکەین. باقلانییش وەڵامی داوە و گوتی: ئێوە دەڵێن خودا کوڕی هەیە و هاوسەرگیریی کردووە، ئایا ئێوە لە خودا پاکترن؟**

وەڵامی "ئێوە دەڵێن خودا کوڕی هەیە و هاوسەرگیریی کردووە، ئایا ئێوە لە خودا پاکترن؟"؛ شێوازی پرسیارە، بەڵام مەبەستی پرسیارکردن نییە، وەڵامدەر زانیاریی لایە کە خودا لەوان پاکترە، بەڵام بە بەڵگەیەک نکۆڵی لەوە دەکات کە خودا لە ئەوان پاکترە، ئەمەش بۆ جەختکردنەوە و ڕوونکردنەوە و سەلماندنی بابەتەکەیە. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەستەکە بۆ نکۆڵیکردنە وەک ئەوەی بڵێن: "بە دڵنیاییەوە خودا لە ئێوە پاکترە، هەرگیز ئێوە لە خودا پاکتر نین".

**٢. پرسیاری دووپاتکردنەوە بۆ مەبەستی دانپێدانان (تقريری):** بۆ سەلماندنە، پێی دەوترێت پرسیاری دانپێدانان (سحراوی، ٢٠٠٥، ١٦٣). داننانە بە شتێک (بابەتێک)، کە یەکلا بووەتەوە (جێگیر بووە) (الزركشي، ١٩٨٤، ٣٣١). لە هەمان کاتدا کردەیەکی ڕوونکردنەوە و ساغکردنەوەیە، چونکە بابەتەکە ڕوون دەبێتەوە. گوێگر (وەڵامدەر) وەک بەڵگەیەک دان بە بەرانبەرەکەی (قسەکەرەکەی یەکەم)دا دەنێت. بڕیاردانە لە شتەک کە دانپێدانراوە. وەڵامدەر پرسیار دەکات بەوەی کە بەرانبەر دان بەو بابەتەدا بنێت وەک لێپرسینەوەیەک. کردەی دانپێدانانە، بەڵام بە شێوازی پرسیار وای لێ دەکات کە بڵێت "بەڵێ". بۆ دووپاتکردنەوەیە.

**نموونە (١٦)**

> **پیاوێک بە دوو ئافرەتی گوت: نەفرەتی خواتان لێ بێت، ئێوەی ئافرەت خەریک بوون یوسف پێغەمبەر لەخشتە بەرن.**
>
> **ئافرەتەکان وەڵامیان داوە و گوتیان: ئەی کێ بوو یوسفی خستە ناو بیرەوە؟**

وەڵامدەر بە شێوازی پرسیار دانیان پێدا دەنێت و دووپاتی دەکاتەوە کە ئێوە بوون یوسفتان خستە ناو بیرەوە. وەڵامەکەی ئەوانیش بێگومان بە بەڵێ دەبێت.

**٣. شێوازی پرسیار بۆ مەبەستی سەرسوڕمان:** سەرسوڕمانیی خۆی دەردەبڕێت و گوتنەکەی ئەو پووچەڵ دەکاتەوە. تەکنیکەکەش بەم جۆرەیە: "کە تۆ مەبەستەکەت ئاوایە، سەرم سوڕ دەمێنێت ئەی بۆ ئەو شتە ئاوایە!"، واتە ناوەرۆکەکەی سەرسوڕمانە.

**نموونە (١٧)**

**کەسێک بە کەسێکی تری گوت: من لە زمانی سەگ تێناگەم!**

**کەسەکە وەڵامی داوە و گوتی: ئەی چۆن قسەی پێ دەکەیت؟**

"کە تۆ لە زمانی سەگ تێناگەیت؛ سەرم سوڕ دەمێنێت، ئەی چۆن قسەی پێ دەکەیت؟"، واتە تۆ سەگیت.

**٢-٥. تەکنیکی دەرئەنجامی ئارگومێنتی (هەڵهێنجانی وەڵام لە گوتنی قسەکەر)**

لە ئەنجامی هەڵوێستێکەوە دێتە ئاراوە، ئەویش پێی دەگوترێت دەرئەنجامی ئارگومێنتی. دەرئەنجامێکی سروشتییە، لە سەر بنەمای گریمانەی پێشەکی دامەزراوە کە هەڵقولاوی قسەکەر یان ئارگومێنتکارە، بە لەبەرچاوگرتنی دەوروبەرەکان و بارودۆخی قسەکەرەکان. پشتبەستن بە ئارگومێنتی دەرئەنجام، ئەنجامەکانیان دوورە لە دڵنیایی تەواو (گریمانەکراون) (علامة، ٢٠٢١، ١٨٧-١٨٨)، واتە دەرئەنجامەکانیان ئەگەرییە و گوماناوییە. لە گفتوگۆی ڕۆژانە و مشتومڕ و وتارە ئەدەبییەکان بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ڕازیکەر و کاریگەر بەکار دێت.

ئەو دەرئەنجامەی وەڵامدەر لە وەڵامی کاریگەر بەکاری دەهێنێت، پەیوەندیی بە لۆژیکەوە نییە، بەڵکوو دەرئەنجامێکی ئارگومێنتییە، پەیوەندیی بە لێکدانەوەی کەسەکانەوە هەیە کە چۆن بە پێی زانیارییەکانیان هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوە و گریمانە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک. ئەوەی گرنگە لە وەڵامی کاریگەر، وەڵامدەر دەرئەنجامی قسەکەر هەڵدەهێنجێت و دەیکات بە وەڵام بۆ کاردانەوەی قسەکەر. دەرئەنجامەکە دەخاتەوە ئەستۆی قسەکەر و واتا و مەبەستێکی کاریگەری دەبێت. قسەکەر هەڵوێستەکەی لەسەر شێوازی پرسیار، توانج، سەرزەنشتکردن و شکانەوە... هتد، هەر کام لە مەبەستەکان بێت دەریدەبڕێت، قسەکەر درک بەوە ناکات کە ئەو مەبەستەی لە گوتنەکەیدا هەیە؛ دەرئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە.

**نموونە (١٨)**

**منداڵێک گوتی: باوکە، بۆ تاڵە مووی سپی لە سەرت هەیە؟ باوکی گوتی هەر جارەی منداڵ هەڵەیەک بکات و باوکی لێی تووڕە بێت، تاڵێک لە سەری سپی دەبێت.**

**منداڵەکە گوتی: تازە زانیم بۆ سەری باپیرم هەمووی سپی بووە.**

منداڵەکە لە گوتنەکەی باوکی گەیشتە دەرئەنجامێک ئەگەر هۆکاری سپیبوونی تاڵە مووی سەری تۆ من بم، ئەوا بێگومان هۆکاری تاڵە مووی سپیی سەری باپیریشم تۆیت.

**٢-٦. تەکنیکی ئایرۆنی (Irony) لە وەڵامی کاریگەر**

وەڵام (کاردانەوە) بەشێکی کاریگەرییەکەی لە ناڕاستەوخۆکەیەتی. چەمکی ئایرۆنی گەیاندنی پەیامێکە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، بەڵام ئەم جۆرە ناڕاستەخۆیە جیایە لە جۆرەکانی تر کە باسمان کردووە، چونکە ئەمەیان بە شێوەیەکی ناکۆک و پێچەوانەیە. ئایرۆنی یارییەکی زمانییە، بەرهەمی بیرکردنەوەی تایبەتی کەسەکەیە.

ئایرۆنی جۆرێکە لە گوتن کە دوولایەنە، لایەنێک دەبیستێ و تێناگات، لایەنێکی تری مەبەستی زیاترە لەوەی گوێچکە دەیبیستێت. ئەم زاراوەیە هەندێک جار وەک ناتەبایی بەکار دێت (Fowler, 1926, 295). مەبەست لە ناتەبا واتە گوتنەکە لەگەڵ واقیع ناگونجێت، یان لەگەڵ گوتنی قسەکەر ناگونجێت و ناتەبایە. دەتوانین بڵێین واتای ڕوخسار پێچەوانەی واتای ناوەڕۆکە. بۆ نموونە: کە بە کەسێکی باڵاکورت دەڵێت: "باڵا درێژ"، پێچەوانەکەی پێ گوت، مەبەستی باڵا کورتە. واتای شاراوە (ناوەرۆک) مەبەستی قسەکەرەکەیە. جۆرەکانی ئایرۆنی زۆرن، لێرەدا تەنها باسی ئایرۆنیی زارەکی دەکەین:

ئایرۆنیی زارەکی (وشەیی) (Verbal Irony): گوتنێکە تێیدا ئەو واتایەی کە قسەکەرێک ئاماژەی پێ دەکات؛ جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەو واتایە هەیە کە بە ڕواڵەت دەربڕاوە. پێچەوانەی واتای ڕووکەشە (Abrams and Harpham, 2009, 165-166). وشەیەک یان دەستەواژەیەک بەکار دەهێنێت، مەبەستەکەی پێچەوانەیە. بۆ تێگەیشتن لە واتا شارەوەکە، پشت بە دەوروبەری دەقی گوتنەکە دەبەستێت.

**نموونە (١٩)**

**ئەمیرێک گوتی لەوەتەی من بووم بە پاشاتان، تووشی تاعوون نەبووینە.**

**خەڵکەکە گوتیان ڕاست دەکەیت، خوا بەڕەحمەدووبەلاماندبەجارەکبۆناتیریت.**

لەم نموونەی سەرەوەدا ئایرۆنییەکە لە وشەی "ڕاست دەکەیت"ە. لە ڕووی ڕوخسارەوە ئەمیرەکە وا تێدەگات کە وشەی "ڕاست دەکەیت" پشتڕاستکردنەوەی گوتنەکەیەتی، بەڵام واتایەکی ناکۆک (دژ)ی هەیە. بە هۆی دەوروبەری گوتنەکەوە لێی تێدەگات کە بۆ پشتڕاستکردنەوە نییە، بەڵکوو ئاڕاستەیەکی تری وەرگرتووە، واتە: تۆ ڕاست ناکەیت. دانانە بە نادادپەروەریی ئەمیر.

**٢-٧. تەکنیکەکانی بەستنەوە لە وەڵامی کاریگەر**

بەستنەوە تیایدا وەڵامدەر ڕووداوەکان و بیرۆکەکان و وشەکان و چەمکەکان و کات و شوێن و سەردەم بە هەڵوێستێکی دیاریکراوی قسەکەر لە ساتی گوتنەکە دەبەستێتەوە.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا زانایانی دەروونناسی بۆیان دەرکەوت کە بەرکەوتن بە وشەیەک دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی دەستبەجێ و پێوانەکراو لە ئاسانکاریی بیرهێنانەوەی زۆر وشەی دیکە. دەروونناسەکان بیرکردنەوەکان وەک گرێیەک لە تۆڕێکی فراواندا سەیر دەکەن کە پێی دەگوترێت یادەوەری بەستنەوە، کە هەر بیرۆکەیەک بەستراوەتەوە بە چەند بیرۆکەیەکەوە (کانمان، ٢٠١٥، ٧٥-٧٦). لە سەدەی (١٧-١٨)دا فەیلەسووفە بەریتانییەکان بەدوای ئەو ڕێسایانەدا دەگەڕان کە ئەو ڕیزبەندییە ڕوون بکەنەوە کە بیرۆکەیەک بەدوای بیرۆکەیەکدا دێت. لە کتێبێکدا بە ناوی "تێگەیشتنی مرۆڤ" لە ساڵی ١٧٤٨ بڵاو کرایەوە. فەیلەسووفی سکۆتلەندی دەیڤید هیوم (Hume) سێ بنەمای بەستنەوەی بیرۆکەکانی دەستنیشان کرد: لێکچوون، هاوپەیوەندی لە کات و شوێن، هۆکارگەرایی (السببیه) (هەمان سەرچاوە، ٧٥). دواتر دۆگاڵد ستیوارت (Duglad Stewart) سێ بەستنەوەی تری زیاد کرد: هۆ و ئەنجام (Cause and Effect)، ئامانج و ئەنجام (کۆتایی) (Means and End)، پێشمەرج و دەرئەنجام (Premises and Conclusion)، بەڵام بنەماکانی (لێکچوون، نزیکی، دووری، جیاوازی (پێچەوانە) (التباین)) زۆرترین جەختیان لەسەر کراوەتەوە. دواتر تا سەدەی (١٩) چەندین جۆری تر زیاد کران (Encyclopaedia Britannica, 1911, 784-786). کەواتە کاتێک گوێمان لە وشەیەک دەبێت، هەر چی لە یادگە لە بارەی ئەو وشەیەوە هەیە دەکەوێتە کار: وەک بەستنەوەی دوو ڕووداو، بەستنەوەی دوو وشە لە ڕووی فۆڕمەوە، لە ڕووی تایبەتمەندییەوە، هەروەها لە ڕووی پۆل و کات و سەردەم و ڕەنگەوە.

بەستانەوەی زانیاری لە نێوان قسەکەر و وەڵامدەر، پرۆسەیەکە وەڵامدەر دوای تێگەیشتن و لێکدانەوەی گوتنی قسەکەر دەست دەکات بە بیرکردنەوە، لەسەر شێوەی بیرۆکەیەکی پەیوەست بە بیرۆکەی قسەکەر بیر دەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش وێناکردنی بیرۆکەکانی قسەکەر بەکار دەهێنێت و دەیبەستێتەوە بە وشەیەک یان زانیارییەکی یادگەیی. لە بابەتەکانی داهاتوودا جۆرەکانی تەکنیکی بەستنەوە دەخەینە ڕوو.

**٢-٧-١. تەکنیکی بەستنەوەی هۆکار و ئەنجام**

تەکنیکی بەستنەوەی هۆکارە بۆ ئەنجامێکی قسەکەر. قسەکەر ئەنجامێک دەخاتە ڕوو بۆ مەبەستی توانج، شکاندنەوە، گاڵتەپێکردن... هتد، وەڵامدەر ئەم ئەنجامەی قسەکەر بە هۆکارێکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام نەک هۆکاری ڕاستەقینە، بەڵکوو هۆکارێک کە وەڵامدەر خۆی مەبەستیەتی. لە هەمان کاتیشدا هۆکارەکە دەخاتەوە ئەستۆی قسەکەر. ئەو هۆکارەی کە وەڵامدەر دەیدۆزێتەوە؛ ئەنجامەکەی لە ناو گوتنی قسەکەرە، واتە دەیبەستێتەوە بە گوتنی قسەکەرەوە. زۆربەی جار هۆکارە نوێیەکە بۆ شێواندن و ناشرینکردنی کەسەکە یان بابەتەکەیە، چونکە بۆ مەبەستی کاردانەوە و توانجە. دەتوانین ئەم تەکنیکە لە وەڵامی کاریگەر ناو بنێین "گۆڕینی هۆکار".

**نموونە (٢٠)**

**ئەستێرەیەکی ئینگلیزی بە نووسەری فەرەنسی هنری جانسۆنی گوت: فەڕەنسا زۆر بێزارکەر و پیسە، من ناتوانم لە پاریس نینۆکەکانم بە پاکی ڕابگرم.**

**نووسەرەکە وەڵامی داوە و گوتی: لەبەر ئەوەی زۆر لەگەڵ خۆت قسە دەکەیت.**

ئەستێرە ئینگلیزییەکە گلەیی لە فەڕەنسا دەکات کە وڵاتی فەڕەنسا خزمەتگوزاریی نییە، ئارگومێنتێکیش دەهێنێتەوە کە نینۆکەکانی ناتوانێت بە پاکی ڕابگرێت. مەبەستی ئەوەیە وڵاتەکە بشکێنیتەوە، هۆکاری ڕاستەقینەی ئەنجامەکە کە پیسییە؛ نەبوونی خزمەتگوزارییە. لە بریی ئەو هۆکارە، وەڵامدەر هۆکارێکی تر بەو ئەنجامە دەبەستێتەوە. هۆکاری پیسییەکە دەخاتەوە ئەستۆی نووسەرە ئینگلیزییەکە کە زۆر لەگەڵ خۆی قسە دەکات بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ دەربڕاوە، واتە هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە کاتی قسەکردن نینۆکەکانت دەخەیە دەمت و نینۆکەکانت هەڵدەوەرێ، بۆیە لە ئەنجامدا وڵاتی فەڕەنسا پیس دەبێت.

**٢-٧-٢. تەکنیکی بەستنەوەی ئایەت و پەند و فەرموودە**

ژمارەیەکی زۆری وەڵامە کاریگەرەکان بەڵگەی دەقەکانی قورئان و پەند و فەرموودەی پێغەمبەران وەک بەڵگەیەکی شایەتیدان لە وەڵامەکان دەبەستنەوە بە گوتنی قسەکەر. ئەم ئارگومێنتە هەم کاریگەرە و هەم ئەستەمە پووچەڵ بکرێتەوە یان ڕەت بکرێتەوە، چونکە هۆکارە بۆ تۆقاندنی قسەکەر و ڕوونکردنەوەیەکە بۆ سەلماندن، بە هۆی شاهێدیی قورئان و فەرموودە و پەندی باوباپیران و کولتووری کۆمەڵگایە، بەمەش قسەکەر زیاتر باوەڕ دەهێنێت و خۆبەدەستەوە دەدات.

**نموونە (٢١)**

**پاشایەک بە شاعیرێکی گوت: "وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ".**

**شاعیرەکەش گوتی: "قَالَتْ إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً وَكَذَلِكَ يَفْعَلُونَ".**

ئەو ئایەتەی کە قسەکەر هێناویەتەوە، واتە: "شاعیرەکان تەنها گومڕانەکان شوێنیان دەکەون" (الشعراء: ٢٢٤) (مەلا صالح، ٢٠٠٧، ٣٧٦). پاشاکە توانج لە شاعیرەکە دەدات و لە پلەی شاعیران کەم دەکاتەوە. وەڵامدەر (شاعیرەکە) بە هۆی شارەزایی لە قورئان، ئایەتێکی هەڵبژاردووە کە باسی پاشاکان دەکات و بە هەمان شێوەی پاشاکە بە بەڵگەی ئایەت پلەی پاشاکان نزم دەکاتەوە. واتای ئایەتەکە: "پاشاکان هەر کاتێ چوونە شارێکەوە خراپ و وێرانی دەکەن، دەسەڵاتدارەکانی ئەو شارە ڕیسوا و سەرشۆڕ دەکەن (واتە کەسانی پایەبەرز؛ نزم دەکەنەوە) (النمل: ٣٤) (مەلا صالح، ٢٠٠٧، ٣٧٩). هەر بەو جۆرە دەکەن (ئەوە کاری ئەوانە). ئەگەر وەڵامدەر ڕاستەوخۆ بە پاشاکەی گوتبا، ئەوە ڕەوشتی ئێوەیە کە لە پلە بەرزەکان نزم دەکەنەوە، ئەوا وەڵامەکە کاریگەر نەدەبوو، بەڵام هێنانەوەی ئەم ئایەتە بە بەڵگەوە بۆ پاشاکەی دەسەلمێنێت و وەڵامەکە کاریگەرتر دەبێت.

**پەندی کۆمەڵگا**

پەندەکانی کۆمەڵگا وەک وەڵام، بە پێی جۆری هەڵوێستەکەی قسەکەر بەکار دەهێنێت.

**نموونە (٢٢)**

**کەسێک گوتی: ناتوانی وەڵامم بدەیت.**

**کەسێک وەڵامی داوە و گوتی: موشک گرانە و ئامانج بێنرخ.**

**٢-٧-٣. تەکنیکی بەستنەوەی لێکچوواندن**

وەڵامدەر هەوڵ دەدات وشەیەکی قسەکەر وەربگرێت کە مەبەستیەتی بۆ داڕشتنی بیرۆکەی وەڵامەکەی. ئەم وشەیە لە یادگەیدا دەبەستێتەوە بە وشەیەک کە لە سیفاتێک لەیەک دەچن. لە ڕەوانبێژیدا بەکارهێنانی زۆرە بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە و جوانکاری. لێکچوواندن بۆ ڕوونکردنەوەی سیفەتی شتێکە، لەسەر بنەمای بەراوردە، شتێک بە شتێکی تر بەراورد دەکات. بۆ ئەوەی سیفەتی شتی یەکەم بە ئاشکرا و بە ڕوونی پیشان بدات. سوودی ئەوەیە شتێک لای تۆ هەیە، ئەو شتە لای تۆ ئاشکرا نییە و نایزانیت، کە کەسەکە قسەت لەگەڵ دەکات ئەو شتە بە شتێک دەچووێنێت، ئەوەیان بە لای تۆوە ناسراوە و دەیزانیت (عەلائەدین سەجادی، ١٩٧٨: ٤٤). لێکچوواندن بە شێوازێکی کورت و جەختکردنەوە و ڕوونکردنەوەیە، بەمەش کاریگەریی زیاتر دەبێت، چونکە مێشکی مرۆڤ وا ڕاهاتووە ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکی بەهێز و کاریگەری بدەیتێ، ئەوا سەرنجی زیاتر ڕادەکێشێت و کاریگەریی لە سەر دەروونی زیاتر دەبێت. لەبەر ئەوەی وەڵامدانەوە زۆربەی جار بۆ کاردانەوەی توانجی قسەکەرە، وەڵامدەر

هونـەری لێکچوواندن زیاتر بۆ مەبەستی نزمکردنەوەی سیفەتەکە، توانج، شکانەوە، سەرزەنشتیکردن... هتد؛ بەکار دەهێنێت.

**نموونە (٢٣)**

**پاشایەک خەونلێکدەرەوەیەکی بانگ کرد و گوتی: لە خەونم سێ مشکم بینی، یەکیان قەڵەو، ئەوی تر لاواز، ئەوی تر کوێر.**

**خەونلێکدەرەوەکە گوتی: مشکە قەڵەوەکە سەرۆکوەزیرانە. مشکە لاوازەکە گەل و میللەتی تۆیە. مشکە کوێرەکەش تۆیت.**

لێرەدا لێکچوواندنەکان وەک ئارگومێنت بەکار هاتووە. خەونلێکدەرەوەکە سەرۆکوەزیران بە مشکی قەڵەو دەچووێنێت، لە سیفەتی زۆرخواردن و قەڵەوی. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە وەزیری گوت: ماڵ و پارەی میللەت دەبەیت. مشکی لاواز بە میللەت دەچووێنێت، لە سیفەتی هەژاری و برسیەتی و لاوازی لەیەک دەچن. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیەوێت پەیامی نەبوونی خزمەتکردن و خراپیی باری ئابووری میللەت بخاتە ئەستۆی پاشا. مشکە کوێرەکە بە پاشا دەچووێنێت. لە سیفەتی نەبینیندا لەیەک دەچن. بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ پەیامی "نەبینین" بە واتای ئاگادارنەبوون لە دزینی وەزیر و برسیەتیی میللەت دەگەیەنێت بە پاشا.

**ئەنجام:**

١. شێوازی بەهێزی زمانی و بەکارهێنانی تەکنیکە بەهێزەکان و ئارگومێنتەکان، وا دەکات ڕوومەندی بپارێزێت و دوور بکەوێتەوە لە زمانی زبر. دەسەڵات و بەهێزیی وەڵامدەر پیشان دەدەن. وا دەکات بەرانبەر باوەڕ بهێنێت و تووشی سەرسوڕمانی دەکات، بۆیە زۆربەی جار خۆی بەدەستەوە دەدات و بێدەنگ دەبێت. وا دەکات کەسی بەرانبەر جارێکی تر هێرشی زمانی یان پرسیاری نابەجێ نەکاتەوە.

٢. بۆ فێربوونی وەڵامی خێرا و کاریگەر؛ شتێک نییە کە بۆماوەیی بێت. وەڵامدەر بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە بۆ داڕشتنی وەڵامێک، پێویستی بە تەکنیک و زانیاری و سەرنجدان و ڕاهێنان و ئارەزووی بۆ بابەتەکە و دەوروبەرێکی زمانیی دەوڵەمەند دەبێت.

٣. تەکنیکی هەڵهێنجانی وەڵام لە گوتنی قسەکەر و تەکنیکی پرسیار؛ لە هەموو جۆرەکانی تر کاریگەرترە، چونکە قسەکەر پەشیمان دەبێتەوە لەوەی کە بە گوتنەکەی خۆی؛ خۆی خستووەتە ئەو دۆخەوە.

٤. دەربڕینی ناڕاستەوخۆ و مەبەستداری زۆر بە زەقی لە وەڵامەکاندا بەکار دێت، چونکە ئەقڵ دەدوێنێت، بەمەش پراگماتیک کاریگەریی زۆری لەسەر بێدەنگکردنی بەرانبەر (هێرشبەرە زمانییەکە) هەیە، بە تایبەتی ئارگومێنتە ناڕاستەوخۆکان بۆ داڕشتنی کاریگەری.

٥. گرنگترین پلان بۆ داڕشتنی وەڵامێکی کاریگەر ئەوەیە کە لەسەر چۆنیەتیی بەستنەوەی بیرەکان و بەستنەوەی وشە و ڕووداوەکان و لێکچووەکان بە یەکتری ڕاهێنان بکەیت، بۆ ئەوەی بتوانیت بە زانیارییەکانی یادگە پەیوەست بە گوتنەکەی قسەکەر ببەستیتەوە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

١. دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٥)، پراگماتیک و ڕەوانبێژی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٢. ..................... (٢٠٠٩)، کایگەریی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

٣. سەجادی، عەلائەدین (١٩٧٨)، خۆشخوانی (گوزارەکاری، ڕۆنانکاری، جوانکاری)، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

٤. فەتاح، محەمەد مەعرووف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی: شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٥. مستەفا، موحسین ئەحمەد (٢٠١٣)، بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی، ڕوونبێژی، جوانکاری)، "منتدى أقرأ الثقافي".

٦. مەلا سالح، مەلا محەمەد (٢٠٠٧)، پوختەی تەفسیری قورئان، چاپی دووەم، نەشری ئیحسان، تەهران.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

١. أعراب، حبيب (أ.)(٢٠٠١)، أعراب الحجاج و الأستدلال الحجاجي (عناصر أستقصاء نظري)، مجلة عالم الفكر الكويت، عدد (١)، ٣٠ يوليو،كويت. مأخوذة من:

Dictionnarie de la Language Francaise (١٩٨٩)Legrand Robert ٥٣٥:. T.I Paris. p

٢. الحـو، محمـد (م.)(٢٠١٨)، بـين حسـن الجـواب والـرد المسـكت، الطبعـه الأولى، دار حـرف، نـصر.

٣. السـعران، محمـود (د.)(١٩٩٢) علـم اللغـة مقدمـة للقـارىء العـربي، الطبعـة الثانيـة، دار النهضـة العربيـة، القاهـرة - مـصر.

٤. الزركـشي، بـدر الديـن محمـد بـن عبدللـه (١٩٨٤)، البرهـان في علـوم القـرأن، الطبعـة الثالثـة، دار الـتراث، القاهـرة - مـصر.

٥. جيـلاني، نجيـب عبـد الفتـاح (٢٠٢١)، قصـف الجبهـات في الـردود المسـكتات، الطبعـة الأولى، دار الؤلـؤة، المنصـورة - مـصر.

٦. زحـاف، يوسـف بـن (د.) (٢٠١٩)، المغالطـات الحجاجيـة و أهميتهـا التواصليـة، مجلـة جيـل الدراسـات الأدبيـة والفكريـة، العـدد٤٩، لبنـان. مأخـوذة مـن: حافـظ إسـماعيلي علـوي، و محمـد أسـيداه، (٢٠١٠)، اللسـانيات والحجـاج، الحجـاج المغالـط، نحـو مقاربـة لسـانية وظيفيـة، ضمـن كتـاب الحجـاج مفهومـه ومجالاتـه، جـزء الثالـث، عـالم الكتـب الحديـث، الأردن، ص٢٧٢.

٧. صحـراوى، مسـعود (د.)(٢٠٠٥)، التداوليـة عنـد علـماء العـرب، دراسـة تداوليـة لظاهـرة (الأفعـال الكلاميـة) في الـتراث اللسـاني العـربي، دار الطليعـة للطباعـة والنـشر، الطبعـة الأولى، بـيروت.

٨. عمـر، أحمـد مختـار (د.)(١٩٩٨)، علـم الدلالـة، الطبعـة الخامسـة، عـالم الكتـب، القاهـرة - مـصر.

٩. عطيـات، أحمـد محمـد (٢٠١٢)، سرعـة البديهـة سـلاح الأذكيـاء، دار أمـواج، الطبعـة الأولى، الأردن - عـمان.

فاعـور، منـيرة (أ.د.)(٢٠١٤)، الأجوبـة المسـكتة (فـن الإقنـاع والإمتـاع)، الطبعـة الأولى، الأتحـاد الكتـاب العـرب، دمشـق - سـوريا.

١٠. علاقـمـة، خديجـة (٢٠١٢)، أليـات الأسـتدلال الحجاجـي في مناهـج البلغـاء و سراج الأدبـاء لحـازم القرطاجنـي، مجلـة المخـبر أبحـاث في اللغـة والأدب الجزائـري - جامعـة محمـد خضـير بسـكرة، الجزائـر، العـدد الثامـن.

١١. عتيـق، عبـد العزيـز (٢٠٠٢)، علـم البديـع، دار النهضـة العربيـة، بـيروت - لبنـان.

٢١. علـوي، كريـم عبيـد (٢٠٢٠ )، الأجوبـة المسـكتة دراسـة في ضـوء اللسـانيات التداوليـة، مجلـة كليـة التربيـة للبنـات - جامعـة بغـداد، أذار، عـدد٣١.

١٣. قاسـم، محمـد عبدللـه (د.)(٢٠١٧)، ذكاء البيـان في الأجوبـة المسـكتة في الـتراث العـربي، مجلـة الدراسـات و البحـوث، العـدد٦٤٨.

١٤. كانمـان، دانيـال (٢٠١٥)، التفكـير السريـع والبطـيء، ترجمـة: شـيماء طـه الريـدي، محمـد سـعد طنطـاوي، الطبعـة الأولى، مؤسسـة هنـداوي للتعليـم و الثقافـة، القاهـرة - مـصر.

١٥- مصبـاح، عامـر (٢٠٠٥)، اللإقنـاع الاجتماعي:خلفيتـه النظريـة وألياتـه العمليـة، الطبعـة الثانيـة، ديـوان المطبوعـات الجامعيـة، الجزائـر.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1. Abrams, M. H., Harpham, Geoffrey Galt (2009), A Glossary Of Literary Terms, Ninth Edition, Wadsworth Cengage Learning, USA.

2. Chomsky, Noam (1985)Aspects of the theory of Syntax, Fourteenth Printing, The M.I.T. Press, United States of America.

3. Encyclopaedia Britannica(1911) , Association of Ideas volume2. Eleventh Edition. Vol 11)2 thed). Cambridge University Press.PP.786-784. https://en.wikisource.org/wiki/1911_Encyclop%C%3A6dia_Britannica/Association_of_Ideas

4. Fowler, H .w.(1926), A dictionary of Modern English Usage The Clarendon, Press Oxford.

5. Hamblin, C.L. (1970), Fallacies, First published,Great Britain byrichard Clay(The chaner press) Lid Bbungay,Suffolk.

6. Leech, Geoffrey N. (1983), Principles of Pragmatics, Longman, London and New York.

**الملخص**

تتناول هذه البحث التقنيات التي تمكننا من التصرف بفعالية في المواقف المختلفة. الاستجابة الفعالة: هي استجابة سريعة وقصيرة وفعالة وحاسمة، وغالبا ما يتم إسكاتها. إذ يحاول المجيب استخدام أدوات لغوية قوية، مثل التقنيات، التي تحمل العديد من الحجج القوية. وهي دحض الحقيقة وبيانها وإضعاف كلام المتكلم. هذا، وتكمن أهمية هذا البحث في تعريف جميع الفئات بتصميم التقنيات، حتى يكونوا قادرين على إنتاج استجابة فعالة. يتألف هذا البحث من محورين، يتناول المحور الأول: التعريف بالاستجابات الفعالة، و خصائصها، والقدرة التداولية وأهمية الحجج الفعالة. أما المحور الثاني فيتناول، تقنيات: الحجة الخادعة، تقنية اسلوب الحكيم، تقنية السؤال، الانزياح عن الإجابة، أنواع الارتباط، استنتاج كلام المتكلم، المفارقة، وأخيرا توصلنا إلى نتيجة مفادها أنه باستخدام تقنيات اللغة القوية، سينبهر المستمع ويصمت.

الكلمات الدالة: فعال، أسلوب، التقنية اللغوية، الأستجابة، الحجة.

## Abstract

This research discusses techniques that enable us to react effectively in different situations. effective response: a quick, short, effective and decisive response, often silenced. The respondent tries to use powerful linguistic tools, such as techniques, which carry many strong arguments. It is to refute and explain a fact and weaken the speaker's speech. The importance of this research is to introduce all classes to the design of techniques, so that they are able to produce an effective response.

This research consists of two parts. The first part deals with the introduction of effective responses, characteristics, pragmatic ability and the importance of arguments for effectiveness. second Part Techniques: Deceptive argument, wise technique, question technique, deviation from answer, types of connection, speaker's speech provocation, irony, Finally, we came to the conclusion that by using strong language techniques, the other person will be impressed and silent.

***Keywords:*** *Effective, style, Linguistic technique, Response, Argument,*